# ڕەوتی گۆڕان و داهاتووی کوردستان



## کەریم دانشیار

 تویکاری تاریخی ئەم ڕاستییەمان دەخاتە بەر چاو، کە دایکی عێراق بە گشتی و دایکۆڵەی باشووری کوردستان بەتایبەتی،لە دەمی دووگیان بوونیاندا،لە هەلومەرج و بارو دۆخێکی شیاو و بەجێدا نەکەوتنە بەر پرۆسەسێکی نۆرماڵ کە بکرێت کۆرپەی[تەواو نۆرماڵ] لە داوێن دابەزێنن؛ بە کەلامێکی ڕاست و ڕەوانتر دەتوانین بڵێین لەدەمی دووگیان بوونی دایکی ناوچەکە دا،بەهۆی کارتێکەریی دەیان نەخۆشینی دەرەکی و ناوخۆیی،ئەو ئاواتەی کە بە توخم و تۆوقی منداڵدانی دوو دایکی عێراقەوە بەسترابۆەوە،نەهاتە دی؛ لە جیاتی دوو منداڵی ساز و ساغ و سەلیم و سڵامەت،بەداخەوە دوو بێچوولەی سەقەتی نەخۆشی بێدەرمان لە دایک زان. ئەگەر بخوازین بە شوێن هۆکاران دابگەڕێین و لە ڕێگای دۆزینەوە هۆکارەکان دەرمانێک بۆ چارەسەری وەدەست بێنین، هیچ حەوجێ بە گەڕان و دۆزینەوە و بەسەرکردنەوەی تاقیگە و لابوراتوارەکان ناکات؛ چونکە کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە ناتوانێت دەگەڵ منداڵی سەقەت پێ ڕابکێشێت. کۆمەڵگە خۆی حەکیمی خۆیەتی و لە یەکەمین ڕۆژی ناکامیدا [وەچ]ێکی تازە لە داوێنی خۆیدا بەخێو دەکات.

ئەو دوو فاکتەرە نیگەتیڤەی کە لە دەمێکی زۆر هەستیار دا ڕەوتی پرۆسەسی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانیان وەستاند،بریتی بوون لە فاکتەری دەرەکی، واتە نەخشە و پلانی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و،فاکتەری ناوەوە لە عێراق دا ، دەزگای سەرکوتکەری سەدام و سیستەمی ئەمنییەتیی حیزبی بەعث بوو،کە سامناکترینی ئاستەنگی سەر ڕێگای هەر چەشنە شۆڕشێکی جەماوەری بوو. ئەو سیستەمە داپڵۆسێنەرە لە عێراق و لە کوردستاندا ڕەگ و ڕیشەی هەر ئاڵترناتیڤێکی دێموکراتیکی پووچاندبۆوە کە بکرێ جێی هومێدێک بێ. لە عێراقدا ڕێکخراوەی شیعەکان و لە کوردستانیش دا دوو حیزبی پارتی و یەکێتی ملانەیەکی کزۆڵیان دژ بە ڕژێمی بەعث دا هەبوو.

 هێرشی وڵاتانی هاو بەرژەوەندی بەرژەوەندخواز بۆ سەر عێراق،کۆمەڵگەی عیراق و کوردستانی هەتا ئەو پەڕی بێ هیوایی بەرەو پاش ڕادا. لەدرێژەی شەڕەکانی ئێران و عێراق،هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت،هێرشی هێزی نیزامیی وڵاتانی جیهانی بە سەرکردەگیی ئەمریکا بۆ عێراق و لە ئاخرسەر دا هێرشی ئەمریکا بە مەبەستی لەناو بردنی[چەکی کۆکوژ و سەرکوتی تێرۆریست!!] لە عێراقدا،کارەساتێکیان لەو وڵاتە دا پێکهانی کە یەکەمین قوربانی خەڵک و ئاخرینیشیان هەر خەڵک بوو. خەڵک ماڵیان ڕما،ڕۆڵەیان کوژرا،ئاسۆی ئەو ڕۆژە و سبەی داهاتوویان کەوتە ژێر تەم و مژی ناهومێدی. ناهومێدی و تاریک بوونی دواڕۆژی ژیانی گەلانی عێراقی،کاری کردە سەر نەفسانییات و مەعنەویاتیان و لە ئاکامدا خەڵکێکی بێ ئەنوای، داڕوخاوی، چاوچنوکی، ماڵپەرست و چاوبرسی لە کارگەی شەڕ هاتنە دەر؛ سازکردنی ئەم چەشنە کۆمەڵگایە، ڕێزانی و لێزانیی وڵاتانی بەرژەوەندپەرست دەگەیەنێت؛ واتە خاپوورکردنی وڵات و ترس و تۆقاندنی خەڵک، دەتوانێ چنینەوە و ڕنینەوەی بەرژەوەندییەکانی درێژماوەی زلهێزەکان دەستەبەر بکات. بەتایبەت کە دەستخۆشانەی نەوژەن کردنەوەی شار و ڕێگا و بان و ژێربینای ئابووریی وڵاتی وێرانی دوای کارەساتیش،کۆنتۆی هەر ئەو وڵاتانەی پێ دەوڵەمەندتر دەبێ کە ئەندازیارانی شەڕ و کوشتن و خاپوورکردنن .

 ڕاپەرینی ڕۆژی پێنجەمی ئازاری ساڵی 1991ی شاری ڕانییە،کاناڵیک بوو کە کوتوپڕ کرایەوە و ساغ و ناساغ پێیدا تێپەڕ بوون. ئەو ڕاپەڕینە ئەگەرچی مەزنترین دەسکەوتی مێژوویی و،موتوڕێکی بەهێزی سەردەم بوو،بەڵام نەبوونی شۆڕایەکی بەتوانا کە بتوانێ وەک ڕێبەرایەتیی کاتی،دەروویەکی بەخێر بە ڕووی داهاتوودا بکاتەوە،بەداخەوە تاکی شۆڕشگێر تێیدا بە ئاکام نەگەیشتن. بەتایبەت کە ڕچەشکێنیی خەڵکی ڕانییەی سەربەرز، سەرهەڵدانی شارەکانی تری کوردستانیشی لێکەوەتەوە و دوای سەرکەوتنی خەڵک،کلیلی سەرکەوتن کەوتە سەر سینیی زێوینی دوو حیزبی سەرەکیی کوردستان.

پارتی و یەکێتی بەهەموو لایەنە ناشارستانییەت و کاڵ و نوپوختەکانیانەوە،کاتێک کە لە شاخ دابەزین و بۆ سبەی بەیانی بەسەر موئەسەسات دا دەکەوتن،چونکە فێرکراوی هیچ چەشنە تەون و ڕیسێکی حکومەتداری و ئەقڵ سالاری نەبووبوون،بەپێی خسڵەتی شاخ و سروشتی پێشمەرگایەتی. بەتایبەت بەحوکمی هەژاری لە مەنتیق و لێکدانەوە دا، شەڕی شاخیان لە سەر حیسابی کوڕ و کچی خەڵکدا ژیاندەوە.

 دەبێ ئیمان بێنین کە عەقڵی شارستانییەت لە شۆڕاکاندایە. شۆڕاکان لە دەمی شار بەدەرکردنی دامودەزگای ئەمنییەتیدا دەتوانن موئەسەساتی شۆڕشگێری کاتی چالاک بکەن. شۆڕاکان باشتر تاکی شۆڕشگێری خاوێن دەدۆزنەوە. بۆ پاراستنی دەسکەوتی بەنرخی سەرکەوتن و بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی،شۆڕاکان کاراتر و کارزانتر و بە مەتمانەترن. بەڵام جێی داخ و خەسارێکی مەزنە،کە فەرهەنگی سیاسیی ئێمە شێت و شەیدایەکی حیزبایەتییە و هیچ حیزبێک چاوی دوو سەری بە ڕێکخراوی ناحیزبی و ناحکومی هەڵنایە. فەرهەنگی سیاسیی حیزبایەتیی ئێمە،قەت ئەو مەشقەی بە گەنج و لاوان نەداوە کە لە دەرەوەی بازنەی حیزبدا ڕێکخراوەی پیشەیی سەربەخۆ، شۆڕای سەربەخۆ و یەکێتیی ژنانی سەربەخۆ ساز بکەن. هەرچی هەیە،تەنانەت کتێب و فێرگە و ئایین و ئەدەبییاتیش هەر دەبێ لە چوارچێوەی تەنگی خۆیان دا بێت.

 ئەو هێزە دەرەکییەی کە میوانێکی بانگهێشت نەکراو بوو، دوای ڕوخانی حکومەتی بەعث، خۆی لێکردینە خاوەن ماڵ و هەر لە دەسپێکدا خۆی نیشان دا. خۆی نیشان دا کە نە حەز بە حکومەتی دیموکراتی دەکات، نە خەون بە فرەحیزبی و فیدرالییەوە دەبینێت و نە بە نیازیشە حکومەتی میللی بۆ کوردستان دابمەزرێنێت. بەڵام پرۆژە و پلانە

شاراوەکەی بە چەشنی کلکی کەڵەشێری دزراو لە ژێر شاقەلی پاڵتۆکەیەوە دیار بوو. دیاربوو کە شوێنی ئارام و ئەهوەنی بۆ حەسانەوەی هێزەکانی پێویستە و کەڵەشێری دزراوی ژێر ئاتەگی پاڵتۆکەشی بۆ ڕۆژی شین یان شایی ڕاگرتووە؛ لە ڕۆژی شین دا سەری ببڕێت و لە ڕۆژی شاییش دا هەر سەری ببڕێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە توخم و تۆڤێک گیانی هاتە بەر،کە دوو فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی،هەر لە دەمی دەڵەمەیی دا لە باریان برد بوو.

ئەمریکا ئەزموونی چەندین سەدساڵەی حکومەتداری و دەوڵەتداری لە جانتا دایە. ئەگەر بڵێین ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا پسپۆڕانی دەوڵەتداری و حکومەتدارین، تووشی هەڵە نەبووینە. ئەمریکا و زەینییەتی ڕۆژئاوایی خاوەنی تایبەتمەندییەکی تریشن؛ لە ژێر حوکمی ئەو تایبەتمەندییە دایە دەتوانن پیلانی چەند جار دووپاتکراوەوەیان دیسانیش دووپات بکەنەوە و گێژداغکراوەکان دیسان گێژ بکەنەوە.لە ماوەی 30 ساڵی ڕابوردوو دا، خەڵکی هەر ئەم عێراق و کوردستانە،چەند جاران خوێنیان ڕژا و ماڵیان کاول کرا. کوردە فەیلییەکان بە ڕۆژی ڕوون لە ماڵ دەرکران و بە سەدان و هەزارانیان لێ کوژرا. عەرەبی شیعە دەردی بێدەرمانیان پێ چێژرا و ژیانیان پێ نەما. فەلە و ئاسۆری و کلدان جێگای ڕەحەتیان زیندان و بەندیخانە بوو. کورد و شۆڕشەکەی بە توونی ئاگر دا کران و لە چاوتروکانێکدا گەمەی سیاسەتیان لە سەر تاقی کرایەوە. پیلانی سازکراوی ڕۆژئاوایی سەدامی سازکرد،شەڕی ئێرانی پێکرد،شەڕی کەنداوی پێکرد، شەڕی دژ بە کوردی پێکرد، شۆڕشی کوردی بۆ سەر پرا. هەنووکەش باڵی بەسەر دا کێشاوینەوە و بە لامانەوە لە خۆی پیرۆزتر مەگەر هەر خودی خۆی بێ.

وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەو زانایەتییەشیان هەیە کە زۆر بەهاسانی ڕێبەر و پێشەوا و سیسەتمەدارانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دێموکراسییەتی خۆیاندا بخنکێنن. خنکاندن یان دەخەوکردنی سەرۆکان و سەردارانی کوردستان لە حەوزی دێموکراسییەتی ڕۆژئاواییدا ئەگەرچی تازەیە و هێشتا شەوی بەسەر دانەهاتووە،بەڵام هەندە ئاسەوارێکی بەرە بەرە لەژێر لێفە دەردەکەوێت. ئەتۆ کەمێک باش بڕوانە لە گەپجارییەکانی[بڕۆمەر]، دیزەبەدەرخۆنەی[بەیکر ـ هامیلتۆن]، شانۆگەریی[ستیڤەن دیموستڕای]،فرت و فێلی[ جان کاین و کرۆکەر]، هەروەها لە برایەتی شاراوەی واشینگتن دەگەڵ تاران و ئەنکەرە و، بۆمبارانی بە ئاشکرای هەموو ڕۆژانی خەڵک و خاکی بەشێک لە عیراقی فیدرال کە هەرێمی کوردستانی پێدەڵێن. سەردارانی ئێمە کە دەبوایە سۆمایی چاومان بوانایە،هەمووی ئەمانە بە دوو چاوی سەر دەبینن و لە ژێر سمێڵانیانەوە فووی لێدەکەن. بەڵام ئەوانە و گەلێکی تریش هەن کە بەئاشکرا بانگ بە گوێچکەی گەڵ دا دەدەن و دەڵێن: لە باری سیاسییەوە چەندەیان کڵاوی ساختە لەسەر داناون،لە باری ئابورییەوە چلۆنەیان شەلەل کردوون کە مەزرا و کێڵگەکانیان فەوتاون،ئاژەڵدارییان نەماوە،تەکنیک و پیشەسازییان جێی پێکەنینە و دانیشتووانی وڵاتەکەیان لە سەتی هەشتای مەعاش خۆر و چاو لە دەستن.

نهێنییەکانیان چاومان لێ دادەگرن و ئاماژەمان دەدەنێ کە ئەگەر بۆ دوو هەفتە،هەر تەنیا بۆ دوو هەفتە،وڵاتانی عەرەب،تورکیا و ئێران لە ژێر خێوەتێکی شاراوە دا دەگەڵ ئەمریکا پێک بین و تەماحی فەوتانمان بکەن و ئەوسا دەرگای هاتنی شتومەکمان لەسەر دابخەن،بڵێی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فریامان بگەن و سێڵاوی شامپۆ و داو و دەرمانی ساختە،ڕۆن و ماست و پەنیری کۆنە،گۆشت و دانەوێڵە و دۆشاوی تەماتەی تام تێدا نەماومان بەسەر دا بڕژێننەوە؟ ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان حوکمیان نەمێنێ، ئێمە دەست بە ڕیش و کلکی کێوە بگرین؟

جێی پێکەنینە ئەگەر پێمان وابێت ئەمریکا هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دەستی سەرۆکەکانی ئێمەی بۆ نەخوێندرابووبێتەوە. دیمەنی ئەو دەمەی کە بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی لە نێوانی مادلین ئولبرایت (وەزیری دەرەوەی سەردەمی کلینگتن)دا ڕاوەستابوون،مادلین خانم بە ئاماژەی قامک بە دوو سەرۆکی کوردی ڕادەگەیاند کە دەست بنێنە ناو دەستی یەکتر_ لە خۆمان بگەڕێین کە پەکمان بە هیچ ناکەوێت _ بەڵام ئەرێ بڵێی برایەتیی و جووت بوونی ئیمپرۆکەی دوو سەرۆکی دوژمن بە یەکترمان،لە بەر چاوی سیاسەتی جیهانیدا جێی باوەڕ بێت؟! بڵێی ئەوان دەسمایەی خۆیان لە ڕێی کۆگای بچووک دا دە ئاو بکەن؟

## بەشی دووەم

لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر (*Folklore*)دا هاتووە کە: بەر لەوەی دەگەڵ هاوسەفەرت ملی ڕێگا بگری و بە شوێن کڕین و هێنانەوەی زمهەری زستاندا بڕۆی،باشترە پێشەکی لە هێم و بناغەی برایەتی خۆت و هاوسەفەرەکەت دڵنیا بی؛ ئەگینا لەوانەیە لە گەڕانەوەدا باری لارتان نەگاتەوە ماڵ و، چێژی زمهەری زستانەکەتان دیدار بە قیامەت بێت.

دامەزراندنی بناغەی حکومەتی هەرێمی کوردستان..دانانی پەرلەمانی کوردستان.. نووسینی قانوونی بنگەهیی بۆ هەرێمی کوردستان.. سوێند و پەیمانی پەسا پەسا بۆ کەم کردنەوەی باری سەر شانی ڕەنجبەر و هەژارانی کوردستان.. بەڵێنی یەکگرتنەوەی ئۆرگان و موئەسەساتی ئیداری و حکومیی کوردستان..سوێند و تەڵاق بە ئاماژەی خۆ لادان لە هەر چەشنە ملکەچی لە بەرامبەر کۆنەپەرستیدا.. شەرت و پەیمان بەستن کە ئیدی چیدی سەرەڕۆیی و سەپاندنی ئۆتۆریتەی تاکە کەسی بە سەر قانوون دا دووپات نەبێتەوە.. دەربڕینی حەزو خۆزیایەکی شارستانیانە بەنیشانەی پابەندبوون بە سەروەریی یاسا و دەستووری پەسندکراو.. سوێند خواردن بەخاک و بەئاڵا،کە بوێرانە سیمای جوگرافیایی خاک و خەڵکی کوردستان لە ژێر خاکی سارد بێتە دەرێ.. و گەلێک سۆز و پەیمانی تریش.

ئەگەر یەکایەکی دامو دامەزراوەکان و دانە دانەی بڕیاراتی پەسندکراوی ئەم هەرێمە بخەینە ژێر تیشکی چرا، دەبینین کە: بناغەی حکومەتی هەرێم لە سەر بنەڕەتی دڕدۆنگی و نەبوونی باوەڕ بە یەکدی دامەزرا... دیواری پەرلەمانی کوردستان بە کەرەسەی[فیفتی ـ فیفتی] هەڵچندرا... قانوونی بنگەهی لە یەکەم هەنگاو دا ملی

ژنی به دار دا کرد .. هه‌ژار و نه‌دار، هه‌ژارتر و ساماندا ساماندارتر کرا.. ئۆرگان و موئه‌سه‌ساتی ئیداری و حکومی به چه‌سپ و چرێش پێکه‌وه به‌ستران .. ده‌سه‌ڵاتی تاکه مه‌زنه‌کان ڕێگا خۆشکه‌ری بێچووله مه‌زنه‌کانه .. فیدرالییه‌ت و فره‌حیزبی جێگای ته‌نگ و ترشه.. ده‌ستوور و یاسا له بان سه‌رانه‌وه داخزی و هه‌ر ئێستێ له ژێر پێیان دایه.. مه‌سئول و مه‌سئول زاده خۆیان یاسا و سه‌ردارن .. به‌ڵێنی له سه‌ر په‌ڕۆ نووسراوی سیمای جوگرافییایی وڵات،له ئاکامی چه‌ند جار شوردن له ئاوی سوێر دا،به ئاو چووه.. و...

تۆ پروانه ئه‌و په‌رله‌مانه‌ی که به‌رهه‌می خوێن و فرمێسک بوو،چلۆن له ئاکامی ته‌قه‌ی تفه‌نگێک له شاری قه‌ڵادزێ دا شێوا و په‌رله‌مانتاره کاڵ و نه‌کوڵیوه‌کانی وه‌ک دوو که‌رتی قوات خاسه‌ی دژ به یه‌ک،له به‌ر یه‌ک بڵاو بوون!

خوا ناهه‌ق ده‌گرێ ئه‌گه‌ر چاوێکی به خێر به سه‌ر سه‌رکه‌وت و ده‌سکه‌وته‌کانی هه‌رێم دا نه‌گێڕین؛ به‌رز بوونه‌وه‌ی خانووبه‌ره،ڕازاوه‌یی کۆشک و ته‌لار،شکۆداریی چێشتخانه و هۆتێل و سه‌ماگه‌کان، شه‌و چراخانیی به سه‌ر شه‌قام و ماڵ و باغ و ده‌زگا دا،فڕکه‌ی ئاوی فێنک له ڕۆژی گه‌رمدا،گیانی بۆنخۆش ده‌داته گوڵ و سه‌وزه‌ڵانی ناو حه‌وش و حه‌ساران. ئه‌مانه و ده‌یان کۆمه‌ڵه کۆشک و ته‌لاری خه‌یاڵی له به‌رێکی شاره‌کانه‌وه سه‌ریان له زه‌وی ده‌رهێناوه و له ڕێی که‌ناڵه ئاسمانییه‌کانه‌وه کریاری بۆ به‌نگ ده‌کرێن. هه‌مووی ئه‌م تازه خوڵقاوانه له به‌رێکی شار دا حه‌کایه‌ت له سامانی گیرفانی دوو لایه‌نان ده‌که‌ن؛ لایه‌نی سازکه‌ریان و به‌ره‌ی کریارانیان.

گه‌ڵێک جاران، هه‌ر ئه‌و که‌ناڵه ئاسمانییانه ڕێپۆرتاژه فیلمی خه‌مناکانه‌ش نیشان ده‌ده‌ن که سه‌د خۆزگه قه‌ت ئه‌م کاره‌یان نه‌کردایه؛ بنه‌ماڵه‌ی هه‌ژاری لێقه‌وماوی برسی، بۆ ته‌نیا و ته‌نیا و ته‌نیا یه‌ک ژمه چێشت بانگهێشت کراون. دایک فرمێسک هه‌ڵده‌وه‌رێنی، باوک سه‌رکز دانیشتووه،منداڵه وردیله‌کان خه‌ریکی خواردنن،کوڕ و کچه گه‌وره‌کان زاتی خواردنیان نییه. دایک و باوک به جه‌هه‌نه‌م،به‌ڵام ئاخر کوڕ و کچه‌کان سبه‌ینێ ده‌بێ له کۆمه‌ڵگه‌دا سه‌ر هه‌ڵێنن!

گه‌شتیارێکی ده‌ره‌کی به مه‌به‌ستێکی تایبه‌ت سه‌ردانی هه‌رێم ده‌کات. گه‌شتیاره‌که ده‌گه‌ڵ چاو ساغێکی زمانزانی هه‌رێم، به شار و شه‌رۆچکه و گوند و هه‌وارگه‌کاندا ده‌گه‌ڕێت و هه‌موو لایه‌ک به‌سه‌ر ده‌کاته‌وه. له هه‌وارگه‌یه‌کدا میوان ده‌بن. گه‌شتیار له ماڵات و زه‌وی و زاری خانه‌خوی پرسیار ده‌کا. به سه‌رسورمانه‌وه وڵام وه‌رده‌گرێته‌وه که ئه‌و ئاژه‌ڵانه‌ی که له‌م په‌رێز و دێبه‌رانه دا خه‌ریکی له‌وه‌ڕن، تاقێکیان به مه‌به‌ستی کڕین و فرۆشتن په‌روار ناکرێن. ئه‌و هیچ ده‌ربه‌ستی فرۆشتنی به‌رهه‌می وه‌رزێری و ئاژه‌ڵداری نییه. ئه‌و مه‌عاش وه‌رده‌گرێت و پیاوی حکومه‌ته. پیشه و کاری ئه‌و ئاژه‌ڵداری و کاری پڕ ژانه‌سه‌ری وه‌رزێری نییه؛ مه‌ڕ و ماڵات و زه‌وی و زاره‌که‌یشی ته‌نیا بۆ دابین کردنی نیازمه‌ندیی ساڵانه‌ی ماڵباته‌که‌یه‌تی.

ئه‌م وه‌ڵامه له زۆر شوێن و له زۆر که‌سان ده‌بیسێت. بۆچوونی ئه‌و گه‌شتیاره له گه‌ڕانه‌وه دا شتێکی زۆر به دوور له ڕاستی نییه که ده‌ڵێ: ــ وڵاتێکم بینی که خاوه‌نی هه‌موو شته، به‌ڵام له هه‌موو شت، هیچیان ساز کردووه.

جارانی جار، که‌م و کورییه‌کان گوتراون و نووسراون. هه‌ندێک ده‌ڵێن هه‌تا بگوترێ و بنووسرێ باشتره. جه‌ماعه‌تێکی جگه‌ڕسووتاویش ده‌بێژن که هه‌ر قه‌ڵه‌مێک که له ئاست ئه‌زموونی ساوای کوردستان ده‌نگێک بداته ده‌ر،کراسی تاوانه و لێیان پیرۆز نه‌بێ!

چه‌ڵێ خه‌ڵک سێ له‌ت کراوه؛ له‌تێک له هه‌مێزی ئه‌م و، له‌تی تر له باوه‌شی ئه‌وی تر دا جییان گرتووه؛ له‌تکی سێیه‌م چاویلکه‌ی ڕه‌شی ده چاو کراوه و ڕۆڵه‌ی گه‌ڕۆڵی سه‌رده‌مه. ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌ت و ده‌ره‌تانێک ده‌ست که‌وێت شۆڕشگێره، ئه‌گینا به‌ده‌م شه‌پۆلاندا ده‌ڕوا و هیچ به دوور نابێ مایه‌پووچ ده‌رچین.

که‌م شوێن له جیهاندا ئه‌و هه‌له‌یان بۆ ڕه‌خساوه که گه‌لی ئێمه دوای شه‌ڕی که‌نداو و له باشووری وڵات بۆی ڕه‌خسا. به‌ڵام هیچ هه‌لێکی باش هه‌ڵکه‌وتوویش به‌م چه‌شنه به‌لاش به‌فیڕۆ نه‌چوو که ئێمه به‌فێرۆمان دا. ئه‌رێ بڵێی هۆی به‌فیرۆچوونی هه‌لی باش و خۆش هه‌ڵکه‌وتوو،دوژمنکاریی دوژمنانمان بووبێت یان ناشاره‌زایی و ناوه‌ستایی خۆمان؟!

تا ئه‌و جێگایه‌ی که مێژووی سه‌رده‌م له بیری دا ماوه، هه‌ر دوا به‌دوای له‌دایکبوونی بیری نه‌ته‌وه‌یی و هه‌ڵوه‌شانی ئیمپراتورییاکان، گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵاتیش به شوێن ئازادی دا ڕۆیشتن و کوردیش له‌و کاروانه جێ نه‌ما و کردی. کردنی کورد له مێژوو دا روداڵه‌تێکی گه‌للایی و به‌ره‌ڵلایی پێوه دیار بووه که به‌داخه‌وه ئه‌م مێتۆده هه‌تا ئه‌م سه‌رده‌مه‌ش هه‌ر ماوه و ده‌ستمان له یه‌خه‌ی به‌رنه‌داوه. ئه‌قڵییه‌تی سیاسیمان بۆنی شێخ و ده‌روێشی ده‌دات و هه‌ر شێخێک چه‌نده‌ی مورید هه‌بێت،ئه‌وه‌نده‌ش خۆشله‌وه‌ڕ و بۆشناغه؛ چی ئه‌و بخوازێ هه‌ر ئه‌وه و له‌و زیاتر چیتر نییه. له‌م شانۆیه‌دا پلۆرالیزمی حیزبی نه‌ک هیچ دارێک له سه‌ر هیچ به‌ردێک لانابات، به‌ڵکه بوومه‌له‌رزه‌یه و دار و به‌ر سه‌ره‌وژێر ده‌کا. پلۆرالیزمی سیاسیی وڵاتانی پێشکه‌وتووی جیهان،هه‌ر حیزبێک له یه‌که‌م هه‌نگاو دا ده‌سه‌ڵاتی خۆی، وه‌ک ئه‌مانه‌ت،له خه‌ڵک وه‌رده‌گرێت. سه‌رکه‌وتنی حیزبی سه‌رکه‌وتوو له گره‌و به‌رنامه‌ی کاری سه‌رکه‌وتووی دایه،که توانایی تواندنه‌وه‌ی قه‌یران، پێکهێنانی خۆشگوزه‌رانی خه‌ڵک و ئازادی و ئاوه‌دانیی خاک و وڵاتی ده‌سته‌به‌ر کردووه.

سه‌رکردایه‌تیی دوو حیزبی سه‌ره‌کیمان ئه‌گه‌رچی له دوژمنایه‌تی نێوانیاندا هیچ زیانێکی جه‌رگبڕیان به یه‌کتر نه‌گه‌یاند،به‌ڵام چرکه و خوله‌ک و کاتژمێره‌کانیان به چه‌شنێک به‌تڵاند، که به هیچ ده‌رمانێک ساڕێژ ناکرێته‌وه. له‌و چرکه و کات و مانگ و ساڵانه‌ش دا سه‌یر له‌مه دایه که له کاری ڕێکخراوه‌یان له سه‌ر یه‌ک شێوه و مێتۆد بووه. ڕاهێنان و په‌روه‌رده‌کردنی ڕێکخراوه‌ی نهێنی و کادێر و په‌یوه‌ندیداره‌کانیان،دوور له‌چاوی فه‌لسه‌فه، به‌گوته‌ی[شه‌لم،کوێرم،ناپارێزم]، گوش کرد.له نێوانی دووحیزبی سه‌ره‌کی و ورده حیزبی تر دا هیچ بۆشاییه‌ک نه‌بوو که بکرێ گرمووله‌ی گیاندارێکی مه‌ده‌نی و ئازاد تێیدا هێلانه دانێت.

ده‌زگای مێشکی زیندوو، ئه‌گه‌ر له حیزبدا هه‌بێت،ده‌توانێ زۆر به سانایی دینامیزمێکی ئازاد و سه‌ربه‌خۆ له ناو گه‌لدا وه‌گه‌ر بخات که وه‌ک بنچینه و بنه‌تۆڤ بۆ داهاتوو ببێته سه‌روه‌ت و سامان. ده‌زگای مێشکی هیچکامیان ته‌زووی ئه‌م ڕایه‌ی پێدا تێپه‌ڕ نه‌بوو که لانیکه‌می لایه‌نگرانی بخاته ناو قالب و قاپێلکی سیاسه‌تی ئازاد بۆ پێکهێنان

و پێکەوەنانی شۆڕای نهێنی و سەربەخۆی پیشەیی. شۆڕاگەلێک کە لە زانستی سەردەم کەڵک وەربگرن و لە هەلی بەجێ دا دەکاری بێنن. چۆڵ بوونی ماڵی کورد لە سەردەمی ڕاپەڕین دا هەر لەم کانیاوە تاڵ و سوێرە ئاو دەخواتەوە کە شۆڕشی شاخ و پێشمەرگە ئەندازیاری بوون.

دوو سەرکردایەتیی ئەگەرچی بەرپرسن لە ئاستی گەلێک خەساری مەزن،بەڵام قەت دەرخەم نین لە پرسیاران و دەزانن ناکەونە بەر پرسیار. بوێری و ئازایەتی سەرکردەکان هی سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتی نییە،بەڵکە ئەمە لە سەرزەمینی عێراقدا ئاوێکە و ڕژاوە.

هەر لە سەرەتای دامەزرانی عێراق هەتا ئیمڕۆ، هیچ شۆڕشێکی جەماوەری بە ڕابوون و ڕاپەڕینێکی ملیۆنی دەگژ هیچ حکومەتێکەوە ڕۆ نەهاتووە کە ئەساسی حکومەتەکە تێک بدات و حکومەتێکی تر لە سەر بنگەهێکی نوێ ساز بکاتەوە. ئەمە مێژووی عێراقە پێمانی دەڵێ. کۆدیتا بە دوای کۆدیتا دا هاتووە و لە هەموو کۆدیتاکانیشدا دەوری ڕوناکبیر و چین و توێژی بەرهەمهێن لە(سیفر) هەورازتر هەڵنەکشاوە. حکومەتی نووری سەعید لە سەردەمی(شا فەیسەڵی ثانی) لە ئاکامی کۆدیتای نیزامیی سەرهەنگ عەبدولکەریم قاسم دا ڕووخا،عەبدولکەریم لە ئاکامی کۆدیتای نیزامیی دوو برایانی سلام و رحمان عارف دا تێک تەپی و سەرەنجام ئەلبەکر و سەدام حسێن خاڵی ئاخری کۆدیتای نیزامییان دانا.

مەبەست لەم پاراگرافە،نیشاندانی نەبوونی دەور و نەخشی خەڵکە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی. لەوڵاتێکدا کە کۆدیتا سەری شۆڕش و سەرهەڵدانی جەماوەریی دەخوا، ئیتر سیاسەت،ئابووری،ڕاهینان و پەروەردەکردن و کاری کۆمەڵایەتی لە ژێر چەکوش و دەزگای حکومەتی کۆدیتا دایە. بە نەبوونی هێزی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێر لە داڕووخان و سازکردنەوە دا،ئیتر نابێ چاوەڕوانی کۆمەڵگایەک بکەین کە تاکەکانی خاوەنی دەنگی سەربەخۆ بن،کەسایەتییەکان بە دوور لە دۆران بن و بەتایبەت حاکم دێموکرات بێت.

کۆدیتا،مەکینەی ستۆپی پێشوەچوونی کۆمەڵگایە. خەڵکێکی کە لە ژێر ئەتمۆسفەری چەند حکومەتی کۆدیتا دا ژەهر خواردە بوون، هەتا نەگەنە حکومەتێکی دێموکراتی قانوون سالار، فەلسەفەی بەرەنگار بوونەوەیان کزە. هەر هەنووکە،لە عێراقی عەرەبدا تراژیدیا بە دوای کارەساتدا خەریکە لە دایک دەزێ،کەچی بە هۆی هەژاریی خەڵک لە فەلسەفەی بەرەنگار بوونەوە، هەر خودی خۆیان بوونەتە کەرەستەی دەستی بکەرانی نادیار لە نا ئارام کردنی عێراق دا. لە هەرێمی کوردستانیش دا ژەهراوی ئەم دیاردە چەوتە لە تابڵۆی بە بۆیە نەخشاوی خانخانی و مەزن عەشیرەتی دا دیار.

قەڵەمی شەرافەتمەند قەت ناتوانێ خۆی لەو جیاوازییانەی کە لە نێوان کۆمەڵگەی کوردستان و، عێراقی عەرەب دایە، گێل بکات و هەر دووک لایان بە بەرد و تەرازوویەک هەڵسەنگێنێت. کۆمەڵگەی کوردستان لە ژێر کارتێکەریی چەندین ڕاپەڕین،تاقیکردنەوەی دەیان تاکتیکی بێ ستراتیژیدا توانیوێتی،هیچ نەبێ،ناسنامەی خۆی لە فەوتان بپارێزێت. زیندووبوونی شعور لە ئاست ناسینی ناسنامە،خۆی لە خۆیدا نیوەی سەرکەوتنە. نیوەی دووەمی سەرکەوتن و ڕزگاربوونی لە چنگ هەر چەشنە ستەمێک، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی پێویستە، کە کازیوەی ئەو شۆڕشە لەسەر دوندی کەلی کومەڵگەی کوردستاندا دەبیندرێت.

## بەشی سێیەم

مەبەست لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی، نەک بە واتای ململانێ و سازکردنی دوو بەرەی شەڕ و لێکدەرکردنی شەقام بە شەقام لە چەشنی شەڕی کلاسیکیی خۆماڵیی کوردستان، بەڵکە بە مانای دەپێش گرتنی ڕەوش و ڕێبازێکی ژیرانەی شارستانییانەی چارەساز،کە بکرێت ئەو هێز و پرستانەی کە (وزە)گەلی پەیوەندیدەری ژیانی کۆمەڵایەتییان پێدەگوترێت و هەنووکە لە بەر یەک بڵاو بوونە،بدۆزرێنەوە و پەیوەندییەکی تازەی سەردەمیانەیان پێ ساز بکرێتەوە.

ئەگەر ئەو ئامرازە پەیوەندیدەرانە کە ژیانی کۆمەڵایەتییان لێ ساز دەبێت لە دەروونی دوو کەوانەدا کۆیان بکەینەوە، هیچ بەلامانەوە نابێ سەیر بێت کە مابەینی دوو کەوانەکان ئەم سێ خاڵەی تێدا دەبینین و بەس: (ئەقل ــ ڕەوشت ــ هونەر).

ئەم نووسراوەیە پێی وایە ئەقڵ و ئاوەزی زیندوو، رەوشت و ئەخلاقی زیندوو و هونەری شۆڕشگێرانە،سێ ئەستوندەکی بەمەتمانەی ژیانی کۆمەڵایەتین. سێ ئەستوندەکی ناوبراو ئەگەر تووشی داڕزین ببن، ئیتر ئەرکان و ئۆرگانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تووشی جەڵتە و شەلەلێکیماڵوێرانکەرانە دێت و کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێک دەچێت، کە کۆمەڵگەی عێراق هەر ئێستا بۆی بەڕێوەیە.

بە باوەڕی ئەم نووسراوەیە،هیچ قامووس و ناموسێکی ژیر و شەرافەتمەندی سەر ئەم جیهانە چەپڵە بۆ هێرشی ساختەکارانەی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و جوانەمەرگ کردنی شۆڕشی ژێر خۆڵەمێشی گەلانی ئەو وڵاتە لێ نادات. بەڵکە ئەوەندەی قەڵەم و زمان دەبیات و دەنگ تواناى هەڵبرینی هەیە،هەر جوێن و تووک و نەفرەت و لەعنەتە بۆی دەچێت.

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، ئەگەر پاساوی لەناوبردنی چەکی کۆکوژی ڕژێمی بەعسی تێدا بەستە بێت یان پاکەتی پووچەڵی دێموکراسییەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوینی لەسەر بار کرابێ، هەر دوویان بە درۆ دەرچوون و هەتا ئێستێ جگەلە چارەڕەشی،هیچ بەرهەمێکی تری لێ هەڵنەوەریوە. هەموو کەس نا،بەڵام ئەوانەی بەرژەوەندییان بە کلکی ئەمریکاوە لکاوە،ئەو دەم و ئێستایش، لە عیراق و لە کوردستاندا چەپڵە بۆ [تەیرەن ئەبابیل]ی ئەمریکا لێدەدەن.

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق چەند خاڵی هەستیار و ژینداری پێکا؛ یەکەم خاڵی هەرە پیرۆز،ئەو (وزە)گەلەی پەیوەندیدەری ژیانی کۆمەڵایەتی(ئەقڵ ـ ڕەوشت ـ هونەر)ی گەلانی عێراق و،دووەمین خاڵ، تێکشکاندنێکی پڕ لە

سووکایەتیی سیستەمی ئەرتەشی عێراق بوو کە خاپوور و پێشێل بوونی هەر یەک لەو دوو فاکتەرانە،کاردانەوەی زۆر نەگەتیڤ و سامناکی بۆ ئیمڕۆ و بۆ سبەینێ لە پاش سەر دا جێما.

دۆنالد ڕامسفەلد Donald Rumsfeld، نوێنەری کۆشکی سپی لە سەردەمی سەرکۆماریی رەیگان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، ئەرکی پەیوەندی دەگەڵ سەدام حسێنی خرایە سەر شان. لە چاوپێکەوتنی ڕامسفەلد و سەدام دا،نوێنەری کۆشکی سپی پەیامی رەیگانی بە سەدام ڕاگەیاند و بەڵێنی هەرچەشنە یارمەتی ماڵی ـ نیزامی،تەنانەت چەکی کۆکوژیشی پێدا.

ساڵی 1982 حکومەتی سەدام لە لایەن ڕەیگانەوە لە لیستەی وڵاتانی یار و یاوەری تێرۆرستان پاک کرایەوە. دوای ئەو هەڵوێستەی ڕەیگان،دیسان رامسفێلد سەردانی بەغدای کردەوە و بەڵێنی پێشووی بۆ تازە کردەوە.

بەرپرسانی واشنگتن و لایەنگرانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا،باشتر لە سەدامیش ڕادەی هێزی نیزامی،تین و توانای ماشێنی شێت و سامناکی عێراق، سیستەمی ترسناکی ئەمنییەتی و پاراستنی بەغدا، بەتایبەت پلەی ناجوانمێری و خوێخۆرییەکانی سەدامیان دەناسی و دیانزانی چ وەیشوومەیەکی بەدفەڕی تاوانبارە. بەڵام ئەمەیشیان باش دەزانی کە سەدام تاقانە چاوسوور و کاریزمای تۆقێنەری ناوچەکەیە و، بۆ دوو جاران دەکرێت کەڵکی لێوەرگیرێت؛ هەربۆیە بە دانستە و بە ئەنقەست کل و سورمەی ئەمریکاییان دەچاوانی کێشا.

پەروار و پاراستنی چاوسوورێکی چەشنی سەدام لە لایەن ئەمریکاوە،ئەم مەبەستانەی لە پشت سەر دابوو،کە لە یەکەم هەنگاو دا هێوریی مەڵبەند بە دەستی سەدام بشێوێندرێت و لەنگەری سیاسیی ناوچەکە بەرەو دڵتەنگی و نیگەرانی بچێت. لە هەلی دواجار و ڕاست لە جەنگەی زل بوونەوەت سەدام دا،بە بیانووی ڕاوە تێرۆریست و دۆزینەوەی جبەخانەی چەکی کۆ کوژ، هێرشی بێ ئامانی بە دوور لە پرەنسیپەکانی سەردەم بخرێتە سەر عێراق و ئەرتەشی سەرخۆش لە شەڕابی فاشیزم بە ئەژنۆ دا بخرێت.

ئەمریکا، هەر دوو پلان و پرۆژەی لە سەر دەسەڵاتی نیزامیی عێراق بە تاقی کردەوە و لە ئاخرسەر دا شاری بەغدای بەسەر دەسەڵاتی سەدامدا خاپوور کرد. هەر ئەو ئەرتەشەی کە مەڵبەندی لە ژێر پۆستاڵ دا دەلەرزی،بە ئەو پەڕی سووکایەتی بەچۆکی داهێنا. هێزی نیزامیی سەدام بە پەرسۆنەلی ئاشکراو بە لژێونی نهێنییانەوە تێکشێندران،تێکشکێندران بەڵام سیستەمەکەیان پارێزرا. بە کەلامێکی تر،سیستەمی سەربازی لەباری پۆتانسیەلەوە بەڵێ،بەڵام لە باری نەفسی و ڕوحییەوە شەرمەزار و سەرشۆڕ کران.

ئەم کێشە نەفسییە لە درێژەی شەڕەکانی مێژووی جیهاندا گەلێک جاران بۆ هێزەکانی نیزامیی وڵاتان دووپات بوونەتەوە. باسی شەڕەکان سەردەمی کۆن ناکەین،بەڵام نزیکترین نمونەی زیندوو،شەڕی یەکەمی جیهانی و تێکشکانی هێزی نیزامیی ئیتالیایە لەو دیوی سنووری وڵات و گەڕانەوەی سەرشۆڕانەیان بۆ خاکی نیشتمانە.

ئیتالیا لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تووشی شکستێکی سەربازی ـ کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ هات،کە تاکی کۆمەڵگە لە ئەرتەش لالووت و تاکی ئەرتەش لە باڵادەستی خۆی بە گازندە بوو. لە تار و پۆی کۆمەڵگەی ئیتالیا دا پارازیتی خەمۆکی و کزی و کەسادیی و دڕدۆنگی،ڕیشەی داکوتابوو. بەتایبەت هێزەکانی نیزامی هەستیان بە سووکایەتییەکی لە ڕادە بەدەر دەکرد و بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە کوشندەیە،چەکیان لە خۆ بەستەوە و ئەمجار لە لژێونەکانی فاشیزمی موسولینی دا خۆیان ڕێکخستەوە.

تێکشکانی کەسایەتی و غروری سەربازیی ئەرتەشی عێراق کە لە ئاکامی هێرشی مانادار و پڕ لە مەبەستی سیاسەتی ئەمریکا ورد و وێران کرا،هەر هەنووکە ئەو ئەرتەشە بەرەو ئاقارێک ڕێنموونی دەکرێت،کە لە داهاتوو دا ئەرتەشی سەدام لە ئاستیدا،لە کۆترەباریکە خنجیلانەتر و گوناحتر بکەوێتە بەر چاو.

دەڵێن سەرجەم وڵاتانی عەرەبی حەز بە پارچە بوونی عێراق ناکەن.. دەڵێن تورکیا چاوەکانی خۆی دەردێنێت نەوەک قەوارەیەکی کوردی لە لاشانی خۆی دا ببینێت.. دەڵێن ئێران لە بەر چاوی ئەمریکاوە بە خەروار دۆلار بۆ عێراق دەنێرێت و بەشیک لە پیاوانی هەرێم و بەغدا و بەسرەی بۆ خۆی کڕیوە.. ئەمریکاش بە هێوری گوێی خۆی داوەتە ئەم دەمگۆ و واتە واتانە، بەڵام وەک مێشوولەیشی لێ میوان نەبێ،خەریکە دەزگای کۆنترۆل لە ڕێگای دوورەوەی خۆی بادەدات و کێهە لەو واتە واتانە بە کردەوە دەگەڵ بەرژەوەندی مادی و ئەمنییەتی میللی واشنگتن هۆگر و دەستەبرا بن،پەنجەی ئەرێنی لە سەر ئەو دوگمەیە دادەگرێت.

لە ماوەی چەند ساڵی نیوە سەربەخۆیی کوردستان دا گەلێک کاری دیموکراتی کراوە و کەمتاکورتێک زەمینەی پێشوەچوونی پێوە دیارە. پاراستنی ئەم دەستکەوتانە نەک هەر بە قازانجی هەرێم و خەڵکی کوردە، بەڵکە سەروەت و سامانێکە و مۆرکی هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پێوەیە. لەم ناوەشدا،ئەوەیکە جێی دڵتەنگی و خەم و خەمناکییەکی گەورەیە،ئەمەیە لە ئەگەری وەکار خستنەوەی ماشێنی شەڕی نیزامی دژبە دەسکەوتەکانی میللی، ئەرێ هیچ هێزێک لە مەڵبەند دا دەست دەکەوێت کە شان بە شانمان ڕاوەستێت و دەسکەوتە مەزنە بایەخدارەکانمان دەگەڵ بپارێزێت؟ ئەرێ ئەمریکا مایەی برایەتی، هەقناسی، بەڵێن،قەول و قەراری لە هەویر دا هەیە؟ هەیاران حکومەتی هەرێم لە باری سەربازییەوە خۆی بۆ ڕۆژی تەنگانە ئامادە کردووە؟ و گەلێک پرسیاری تریش کە داوێنی ئەو خەمباری و دڵتەنگییە بەرفرەوانتر دەکەن.

ئەوەیکە وەک ڕۆژی ڕوون بە ئاشکرا دیارە،هیچ دەر و جیرانێک خەونی خۆش و گەشمان پێوە نابینێت و لەڕۆژی تەنگانەدا ژمارەی پێچەوانەمان بۆ سەرە مەرگ دەخوێنن. ئەمریکا ریخۆڵەی ناو ورگی لە هەر قەول و قەرار و بەڵێنێکی ڕاست و بێگرێ ترە. ئەو نانی خۆی لە سەر کەلاکی هەزارانی جیهان کۆ دەکاتەوە. حکومەتی هەرێم هێستایش کە هێستایە، بۆ تیکەڵ بوونەوە هیزی نیزامی و تیک و دروومانیان،هەر وا خەریکی [ئیستیخارە]یە. بەڵام داخەکەم ئەگەر هیزی نیزامییەکەیشیان تێک بخرێتەوە و لە جیاتی تفەنگ، مووشەکی مەندیل ئەتۆمیشییان لە سەرشان بێ، ئەمریکا بە پیی گرێبەستی مۆرکراوی دەگەڵ بەغدا، سەلماندوویەتی کە بەغدا لە هەمبەر هەر هێرش و هەر شەڕێک دا دەپارێزێت. لەم نێوە دا ئەوەیکە جێی هومێدە،هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەرێکە قارەمانی سەر شەقامان. هێزی گەڵ ئەگەرچی تووشی زنجیرە درامایەکی وزەپرووکێن هاتووە و چی نەماوە لە

ئاست چار و چارەنووس و داهاتوو دا خەم سارد بێت،بەڵام دیسان هەر ئەوە یاری بە وەفای ئەو نیشتمانە،کە بە خوێنی باوک و پوور و دێد و نەنکی وەچەی ئیمرۆ ئاوەدێر کراوە. گۆڕان ئەم هات و بەختەی هەیە کە هەر لە ئێستاکەوە زەمینەی هاتنەدەر و بە شەقامداهاتن تەمرین بکات؛ ئەگەر لە دید و بۆچوونی هەندێک دا کات و سەردەمی تفەنگ و شەڕی خەیابانی نەماوە، سەیرێکی سەرڕێی بەرەو باکوور بکەین و چیا و شەقام پێکەوە هەناسە دەکێشن.

چاوی وردبینی بەدوور لە [لایەنگیری یان دژایەتی]، ئەگەر کۆمەڵگای ئیمڕۆکەی عێراق بداتە بەر ڕۆشنایی، دەبینێ،ئەو عەقڵەی کە جاری جاران کۆمەڵگای پێ گرد دەکرا .. کە ژەهری ڕەگەز ـ ئایینیی پێ کەمڕەنگ دەکرایەوە.. کە بناغەی کۆمەڵگەی لە کرمۆڵ بوون دەپاراست .. کە لە هەمبەر فاشیزمی حکومەتیدا خەڵکی لێک نزیک دەکردەوە.. کە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەکانی بەرەو ڕێبازێکی هاوبەش دەبرد.. کە پاراستنی پیرۆزییەکانی دەستەبەر دەکرد.. کە توخم و تۆڤی ئەڤینداریی دەڕواندەوە.. کە ئەمینداری دڵپاکان و دەست پاکان بوو،بەداخەوە ئیمڕۆکە نەماوە. لەجێی ئەودا ڕەمەکیگەری و هاشە و پاشەیەکی بێسنوور کەوتۆتە جەستەی کۆمەڵگە و، ساختەکاری.. بوختان.. گەندەڵی.. بێ باوەڕی.. دزی و دەست پیسی.. پارەخودایی.. بەندەواریی ورگ و خوار ورگ.. چڵێس و چاوچنوکی .. بادانەوە بەرەو دواوە..ی لی دەبیندرێت.

کێ بە چاوی وردبینەوە ڕوانێ،دەبینێ، دوێنێ لە عێراقدا[ئەقڵ و ڕەوشت] هاوهەنگاو بوون و ئیمڕۆیش [ڕەوشت] لە ئەقڵ جیا نەبۆتەوە. جاری جاران ئەقڵ چاوی لە گۆڕانی جیهان دەکرد؛ ڕەوشت شان بە شانی ئەقڵی سەردەم توێخی دەهاویشت و بیچمی دەگۆڕی. ڕەوشتی شۆڕشگێر بە چاوێکی کراوەوە ڕێبازی سەردمیانەی خۆی دەدۆزییەوە و کەڵکی بەخێری لێ وەردەگرت. لە سەردەمی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دا، کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەکانی تر لە بەغدا و لە هەولێر و سلێمانی، دەست لەملان بوون وخۆیان بە ئەمەکدارانی ئاوەدانکردنەوەی وڵات بینی. ئەو ئەمەگدارییە ڕەنگی گەشی خستە ناو خاڵ و بەندەکانی قانوونی کاتی و لە یەکەم بەندی قانونی بنگەهی دا،کۆماری عێراق بە[کۆماری کورد و عەرەب] ناوی دەرکرد. دوای ڕوخانی ڕژێمی کەریم قاسم و تەنگ بوونەوەی دەراوی هومێد لە بەغدا،بەشێکی هەرە مەزنی ڕوناکبیر و سیاسەتمەداری شۆڕشگێری عەرەب و کەمە نەتەوەکان، ڕوو وە کوردستان هاتن.

ئەودەم و سەردەمە،ڕەوشتی جێگیر لە کۆمەڵگە دا چرای بۆ تاکەکان دادەگیرساند کە ڕێبازی ڕاستەکی لە هەڵدێری مەرگبار بە جیا ببینن. داوای لە تاک و کۆ دەکرد دژ بە فاشیزم یەک بگرن. بەڵام ئیتر لەو ساوە کە فۆرمولی چەوتی ئەمپریالیزمی ئەمریکی لە سەر خاکی نیشتمانی فرە نەتەوەیی عێراق بەتاقیکرایەوە،ئیتر ئەقڵ سوورا،ڕەوشت گۆڕا. ئیمڕۆکە بەغدا بۆتە شەش ڕێیانی خەتەر. بە هەر شەش ڕێیاندا ستوونی پێنجەمی بێگانە بە ڕۆژی ڕووناک دێت و دەچێت. دەستی ڕاستی دانە بە دانەی سەرانی حکومەتی بەغدا، دەگەڵ دەستی ڕاستیان ناپاک و نائەمینن. ئەو بە گوێی ئەمدا ورتەی بە درۆ دەسریوێنێ. هەر کوتلەیەک دەستی با ئاتەگێکەوە بەندە و داکۆشان و داکۆکیی شەو و ڕۆژانیان لە گرەو کوتلەکەیان دایە. دەزگای دەسەڵاتی جارانی سەدام حسێن لە لاشانەوە دەستەچێلە دەخاتە ژێر ئەم ئاگرە و ڕێگای خەڵک بە تەقینەوە کوێر دەکاتەوە و ڕێگا بۆ هێزی نیزامی جارانی خۆش و خۆشتر دەکات. لە ناو ئەو شێواوە بازاڕە دا تەوەرەی سەرەکیی کارەسات بێخەیاڵ پاڵ کەوتووە و ڕێگا بو داهاتوو خۆش و خۆشتر دەکات،هەر ئەو ڕێگەیە کە کۆمەڵگەی ئیتالیای دوای شەڕی یەکەم پێیدا ڕۆیشت و موسولینی لە ژێر دار و بەر دا بەرز کردەوە .

کێ بە چاوی وردبینەوە ڕوانێتە قاپێلک و قەبارەی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان، بێشک ناچار دەبێ سەیرێکی ئەم دیو ئەو دیوی کۆمەڵگاکە بکات. لەو دیو دا،سەدام تازە تۆزی کۆدیتای دژ بە حکومەتی(عارف)ی دووەمی لە ڕەخت و فیشەکدان دەتەکاند. دنیا بە کاوی دڵی ئەو بوو. لە ڕاست و چەپەوە هێرشی دەبردە سەر دەر و جیرانان. لە ناوخۆی وڵات دا بەزەی بە کەس دا نەدەهات. لە ناوچەکە دا گێژەوێکی بەرپا دەکرد و لە ئاکامی هەر ئەو گێژەوە دا کرایە کاریزمایەکی تۆقێنەر. بەڵام سەرەڕای ئەم گشتە زەخت و زۆری و ترس و تۆقاندنەی کە ئیستیخباراتی سەدامی دەیانکرد،قەڵەم زیندوو بوو.. شیعر مایەدار و بزوێنەر بوو.. دەنگی دەنگبێژ بە بۆرە ئاماژەش بوایە، پەیامەکەی ڕادەگەیاند.. تابلۆ لە ژێر تارما رونکەی قەڵەم و بۆیەدا،بانگی هاواری بەگوێی بینەر دا دەخوێند.. شانۆگەرانی سەر ئەکڕان،لە ئەو پەڕی بێدەنگی و لەڕێی پانتۆمیم (Pantomim)ەوە، ئەرکی خۆیانیان بەجێ دەگەیاند. بەڵام لەم دیوەی کۆمەڵگای ئێمڕۆی عێراقدا هونەر و ڕەوشت و ئەقڵ پێکەوە تێکەوە پێچراون. چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە ژێر باری قورسی هەژاریدا بە چەشنێک چرووساونەتەوە،کە دەربردن بە ژیانێکی نەمر نەژی،دەسکەوتێکی نایابە بۆ هونەرمەند. لەم تەنگانەیەدا،داهێنانی ئاسەواری هونەری و پێشکەش کردنیان بە فەرهەنگی شۆڕشگەرانەی کۆمەڵگای نەخۆش، نە بۆ هونەرمەند نان و ئەنوایەکە و نە هونەرمەندی مافنگیش کڕیار و خوازیاری ناو و ناوبانگە. بەکورتی،لە عێراقی عەرەب دا جانتای هونەروەر و هونەرکار،بابەتی دانانی موزەخانەکانی سبەی وڵاتیان کەم تێدا دەست دەکەوێت. لە کوردستانیش دا هونەری هەڵپەڕکێ بایەخێکی مەزنی پێدراوە و لە هەموو بۆنە و ڕێورەسمێک دا گوڵی سەرتۆپی هەموو هونەرانە.

گۆڕان

کۆمەڵگای مرۆڤ پێکهاتەیەکی مێژووییە؛ مێژوو ماهیەتێکی مادی و بوونێکی دیالەکتیکی هەیە. کۆمەڵگای مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا ئاڵوگور پێکدێنیت؛ ئاڵوگۆڕ و گۆڕان هەر ئەو میکانیزمە مادی و دیالەکتیکییە،کە هەتا مرۆڤ و مێژووی مرۆڤ هەبێ، گۆڕانیش هەر دەبێت و هیچ دەست و باڵادەستێک تواناى بەرپەرچدانەوەیی نییە. لە ڕاستیدا گۆڕان جەوهەری وجوودیی مێژووی مرۆڤە و، چونکە مێژوو چەقیو و وەستاو نییە،کەواتە گۆڕان موتوری جووڵە و بزووتنی مێژوی مرۆڤە.

گۆڕانێکی کە هەر دوا بە دوای سەرهەڵدانەکەی شاری ڕانییەی سەربەرز سەری هەڵدا، وەڵامێکی پڕ بەپێستی سەرجەم ئەو ویست و خواست و نیاز و داخوازییانەن،کە پەرلەمانی کاتیی کوردستان و پەرلەمانی دووەم و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی و ناتوانێ جێبەجێیان بکات.
نەخۆشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هۆکاری ناسازییەکانی باس کران. هەروەها ئاگردانی شەڕی ئەمریکا و،خاپووربوونی ژێربینای ئابووری و سەربازیی عێراق و تێداچوونی ئەو پیرۆزییانەی کە پەیوەندیدەری ژیانی کۆمەڵایەتین، ئاماژەیان پێکرا. لە هەر پاراگرافێکی ئەم نووسراوەیەدا،ئەوەندەی کە قەڵەمی بێ پێزی نووسەر بۆی چووبێ، دەرەنجام و بەرهەمی نیگەتیڤی دوای خاپوور بوونی عێراقیش خراوەتە بەر چاو. هەروەها لە باخەڵی سەرجەم ئاماژەکانیشیدا ئەو ئەرکەی کە [گۆران] خستویەتە سەرشان و ئالای ئەنجامدانی بۆ هەڵداوە،لەژێر ناوی[شۆڕشی کۆمەڵایەتی]دا ناوی هاتووە.
بە باوەڕی ئەم نووسراوەیە، شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە کوردستان ئەگەرچی دژبەر و لادەر و بەرهەڵستکاری دارا و دەوڵەمەند و خاوەنی چەک و تفاق و فیشەکی زۆرە،بەڵام لە هەڵسەنگاندنێکی گشتی دا، پێی وایە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دا پێشەنگی کۆمەڵگەی عێراقی عەربە. کوردستان وەک عێراقی عەرەب کۆست کەوتە نییە. بیری ئازاد و ئینسانی ئازادیخوازی کورد لە دەمی برسیایەتیی و دوای گەڕانەوە لە کاروانی کۆچ و ڕەوە خەمبارەکەی و هەر لەم سەردەمەشدا، قسەو قەڵەمی مووکێش و ئازا و ژیر و تێکۆشەر ماوەتەوە. ئەمە،لە ڕیفراندۆمی دیاریکردنی چارەنووس،لەهەڵوێستی بوێرانەی مەفرەزەی قەڵەم،لە دەنگدان و هەڵبژاردنی لیستی گۆران،لە هەڵبژاردنی ئەندام بۆ پەرلەمانی عێراق،لە بەرەنگاربوونەوەی دژ بە یاسای فرەژنی و لە گەلێک بۆنەی تر دا خۆی دەرخستووە و نیشانی داوە کە دنیاکەمان چۆڵ و بێکەس نییە و هومێد زۆرە. ئەمانە خۆیان مزگێنیدەری ئەم پەیامەن کە ساڵی تر خۆشتر لە ساڵی پێرار دەبێت .
خەباتی ژن لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا ئەگەرچی لە قۆناغی دارە دارە دایە،بەڵام جێی خۆشحاڵییە کە ژنانی هەرێم بە شێوازی بزووتنەوەی ژنانی باکووری وڵات ئاشنان و زۆر بەدوور نییە ژنانی تێکۆشەری باشووری وڵاتیشمان سوکانی بزووتنەوە بگرنە دەست. ئەو دەمەی کە ژن لە باشووری وڵاتدا بە عام دەڕژێنە شەقام و داوای دێموکراسییەت و ئازادی دەکەن، ئیتر کێ و چ یاسایەک بەنزین بە خۆ داکردن و گڕ دە خۆ بەردانی داوەتە دەستی ژن، ژن ئەو بەنزین و ئەو ئاگرە دەگیانی [بێداد] بەر دەداتەوە.
ئێستا کاتی ئەمە هاتووە کە ڕەوتی گۆران دەوری مێژوویی خۆی وەک ئاڵترناتیڤێکی هومێدبەخشی مێژوویی ببینێ. باری سەرشانی گۆران زێدە قورس و گەلیک گرانە. بەڵام ئەو بارە گرانە تا ئەوکاتە شان و باهۆی پیاوان زیاتر دادێنێ،کە لێشاوی خرۆشانی ژن لە مەیدان دا نییە.. ژن،شەقام و گۆڕەپان و کوچە و کۆڵانی داگیر نەکردووە.. ژن،لە ژێر هەژەمۆنیی (Hegemoni) کۆمەڵگەی پیاوسالاری نەهاتۆتە دەر. هاتنی ژن بە واتای نیوەی سەرکەوتنی کۆمەڵگەیە؛ تۆ بڕوانە لە شار و گوندەکانی باکووری کوردستان،لە میترۆپۆڵ و تەنانەت لە دیسپۆراکانیشدا بە ملیۆنان ژنی تێکۆشەر چلۆن جیهان دەهەژێنن!
ئیسماعیل بێشکچی گوتەنی:کۆمەڵگەی کورد لە باکووری کوردستاندا لەمێژ بوو مرد بوو. بەگوێرەی فەلسەفەی پان تورکیزمی ئاتاترک،قشوونێکی تایبەت تەرخانی سڕینەوەی زمان و کوشتنی ئیرادەی تاکی کورد کرابوو. ئەو قشوونە هەرچەند ساڵ جارێک بە شار شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستان دا دەگەڕان و کاری خۆیانیان دەکرد. پیاوەکانیان لە بەر چاوی ژناندا ڕووت دەکردەوە و سووکایەتییان پێدەکردن. ژن لە بەر حەیای ژنانی و پیاو لە شەرمی ماڵبات،چاوی بینینی یەکتریان نەدەبوو؛ پیاو لە ژن و، ژن لە پیاو شەرمی دەکرد و هەر دوویان لە خۆیان و لە ناسنامەیان زوێر و دڵگیر بوون. بەپێی یاسا ،لە شارەکاندا کەس یارای ئاخافتن بە زمانی دایکی نەبوو. باسی ماف و باسی ناسنامە کردن،سزاکەی شرت و گومبوون و کوژرانی نێو کۆڵان و سەر شەقامان بوو. دەنگ و سەدای کوردی.. ستران و کلامی دەنگبێژە عاشقەکان و دەنگی تەموورەکانیان،تەنانەت لاواندنەوەی کۆرپەی سەر بێشکە و ورینگەی خۆش نەوای دایکی کوردیش یاساغ کرابوو.
لە بەرامبەر فەلسەفەی کەمالیزمدا،تەنانەت کێو و شاخ و چەم و کانی و ڕووبارەکانیش تواناى بەرگرییان پێ نەما؛ ئەوانیش ناوی تورکی و پێناسەی تورکییان خرایە ئەستۆ. پێ دەچوو دەگەڵ بیست ملیۆن تاکی کورد دەبێ ماڵاوایی یەکجارەکی بکرێت و دەستیان لێ بشۆرێت،بەڵام مێژوو ماهیەتێکی مادی و بوونێکی دیالەکتیکی هەیە. کۆمەڵگای مرۆڤ لە دەروونی خۆی دا ئاڵوگۆر پێکدێنیت؛ ئاڵوگۆڕ و گۆران هەر ئەو میکانیزمە مادی و دیالەکتیکییە،کە هەتا مرۆڤ هەبێ و مێژووی مرۆڤ هەبێ، گۆرانیش هەر دەبێت و هیچ دەست و باڵادەستێک توانای بەرپەرچدانەوەیی نییە.لە ڕاستیدا گۆران جەوهەری وجوودیی مێژووی مرۆڤە و، هەر مرۆڤە دەتوانێ مۆرەی بەکار بخاتە بەرکار. فەلسفەی(ئاپۆ)یی لە باکووری وڵاتدا،کە بنەماکەی لەسەر زیندووکردنەوە و کەسایەتی پێدانەوەی دایکی کورد دامەزرا،تەنیا ئەلتەرناتیڤێک بوو کە لە یاریگەی شەترەنجی سیاسیدا، مۆرەی ئاتاتورکی کش و مات کرد.
گۆران، پشت بە ژن ببەستێ،ناچارە دەبێ دژ بە تاریکی و کەونەپەرستی ڕابوەستێت. لەم مەیدانە دا کێ جوانەمەرگ دەبێ و کێ شەربەتی ناکامی دەچێژێت، هیچ سەر و دڵێک بە خۆیەوە خەمبار ناکات،چونکە گۆران باوی هەنگاوی بەرەو ڕووی جیهانێک خۆش کردووە کە بەختیاریی ملیۆنانی تێدایە.
گۆران حیزب نییە. ڕێکخراوی پیشەیی و بەرەی یەکگرتووی چەند حیزبی سیاسیش نییە. بە پێی ماهییەت دەچیتەوە سەر [ڕەنسانس]ێکی سەردمیانە. هەربۆیە ئاسۆی ڕوانینەکەی لە داگیرکردنی جێگای بەتاڵی چەند حیزبێک هەوارازترە.
ڕەوتی گۆران ئەگەر تەنیا پڕکردنەوەی جێگای بەتاڵی حیزبەکانی لەبەر چاو بێت، لە ئاخرین وێستگەی سەرکەوتنیدا،لە باری چەندایەتی(Quantity)،بە قەدرایە حیزبێکی پی پراوە و لە باری چۆنایەتی و کوالیتە(Quality)یشەوە،نەک ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ نەهێناوە،بگرە لە جیاتی پێشوەچوون بەرەو ئامانج،تووشی چەشنە وەستانێکیش بووە کە لە هەر چاو تروکانێکدا دەیان شانسی مەزنی بەفیڕۆ داوە.

بەرنامەی کاری گوران دەگەڵ سەرجەم ئەو ویست و خواست و نیازگەلە دەنووسرێت کە کۆمەڵگەی ئیمڕۆ و کۆمەڵگەی سبەینێ لە سەر سفرەی ماڵەکەی دا دەیبێت. واتە بەرنامەی کاری گۆڕان لە پێڕەو و پڕۆگرامی حیزبی جیایە؛ ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگە بەپێی پێشوەچوونی تەکنۆلۆژیا ئاڵوگۆڕی بەسەر دێت و ئەم ئاڵوگۆڕانەش نیازمەندییەکانی سەردەمیانەی کۆمەڵگە دیاری دەکەن. لە سەرشانی گۆڕان دەکەوێتەوە ئەگەر بە لاساکاری لە حیزب و حکومەت دەست بەرێتە نووسینی بەرنامەیەکی سنوور داخراو. لە ڕاستیدا گۆڕان ناتوانێ وەک دوکتۆرێکی تایبەت بە چارەسەرکرنی یەک چەشنە نەخۆشی،خزمەتی کۆمەڵگە بکات؛ ئەو دەبێ پسپۆرێکی زیت و زانا بێت و لە ناسین و دۆزینەوەی هۆکاری سەرجەم دەرد و ئازار و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا خەبەر بێ.

لە ناوگوڵزاری ئەدەبییاتی فارسی دا تاک بەیتێک دەگەڵ ڕەوتی گۆڕان هاودەنگ و هاوئاهەنگە:[سەبرێک بگرە هەتا تیشکی سەرکەوتنی لە کەل بێتە دەرێ، ئەمەی کە ئێستی دەیی بینی بەرهەمی دەمی گزنگدانێتی.]

به هیوای سەرکەوتن ـ بە ئەو پەڕی ڕێز و حورمەت ـ کەریم دانشیار